# فیلیسیا نامەیەکی نووسی بەر لەوەی خۆیی هەڵواسێ !.

**وەرگێڕانی و ئامادەکردنی لە سوێدیەوە**
**حەمەشوان شەریف**
Hamashwan1@hotmail.com



Foto: PRIVAT

Felicia Petersson

دایکی فیلیسیا دەڵێ / هەرکاتێ لەهەواڵی کچەکەم پرسیووە لە قوتابخانە پێیان وتووم هیچ کێشەیەکمان نیە لەگەڵ فیلیسیا و بەپاشی دەڕوات ، کە چی نەمزانی من ڕووبەڕویی چ ئاقارێک دەبمەوە لەژیانی ئەودا !؟. یان دەڵێ > ئامۆژگاریکەرانی دەروونناس ئاگاداریان نەکردمەوە لە گرفتەکانی فیلیسیا تا فیلیسیا مرد و بەجێیهێڵام !!.

نامەکەی فیلیسیا ئاوا دەستپێدەکات >
هەرئێستاکە
من ماڵئاوا
ئازارم لێدەچۆڕێ ،
زۆر دژوارە ژیان بۆ من ،
کە هیچ کەسێ نەیتوانی لە من تێبگات .
هەموتان لەو بڕوایەدابوون
من دەتوانم درێژە بەژیانم بدەم ،
بەڵام بەداخەوە،وەڵامەکەی نەخێر !
من هەڵم نەبژارد گووزەرانی لەگەڵ ئێوەدا
چونکە ئێوە ناتوانن گەشەی منداڵ دابین بکەن ،.
من تورەکراووم و ڕقم لێهەڵگیراوە ،
ڕێز لەناوتاندا نابینم .
ئێوە کەی گوێتان گرتووە .

باوکە ،دایکە ،ئەوانەی لەخێزانەکەمەوە نزیکن خۆشم دەوێن و
بە خەبەرتان دەکەمەوە . – پرسە– کۆتایی .

دیاریدەی خۆکوشتن لە سوێدا بووە بە پەتایەکی بڵاو و زۆر لە گەنجەکانی سوێدی داماڵیووە و دەزگاو ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژنامە کانیش بە چڕوپڕی ئەم بابەتە شیدەکەنەوە و هۆکارەکانی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوکەم تەرخەمییانەی لە ڕێگەی هێورکردنەوە ی دەروونیەوە پێیان گەیشتوە لە لەقۆناخەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکات تادەگاتە قۆناخەکانی تری پێگەیاندن ، هەرچەندە باریدەروونی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتردەگۆڕریت بۆنموونە نەخۆشی شیزۆفیرینیا < کەئەم نەخۆشیەکاردانەوەی بەزۆری لەسەرئافرەتان هەیەو نیشانەکانی زۆربەزوویی لەو کەسە خەمۆکانەدا دەردەکەویت کەئارەزووی تەنیایی (هەمیشەیی) دەکەن و بەزەیان بەخۆیاندا دێتەوە و پێیان خۆشە لەپرسەکانی خۆیاندا دانیشن و مردن بە جوانترین ئاسوودەیی دەبینن و بەچاویلکەیەکی ڕەشەوە لە هەناسەکان و سەوزایی سرووشت دەڕوانن ،هەربۆیە لەتەمەنی هەرزەکاریەوە ئەم دیاریدەیە گەنجان دەگرێتەوە و کاردانە وەی خراپی دەبیت بۆئاییندەی گەنجان ،زۆر هۆکار دەبنەبنچینەی دامەزراندنی ئەم خەمۆکیە لەوانە / دابڕان ، زوڵم و مافخواردن ،هەژاری ، هت..

بەڵام ئەوەی لەهەمووان گرنگترە لایەنە کۆمەڵایەتی یەکەیە کە شارەزایانی دەروونناس ڕستەکانیان وسەرنجەکانیان وەک بەردی تیژ دەگرنە دڵی دەستەڵاتەوە تا ئەوانیش بەتازەترین داهینانەوە ئامۆژگاریەکانیان لێوەربگرن و پشتگیریان بکەن و

ئایندەی ڕوناکتر بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرهەم بهێنن .کەچی ئەم ڕوداوەی فیلیسیا زۆر پێچەوانە کەو تۆتەوە بۆ دەرونزانانی قوتابخانەکان و دەستەلاتی سویدی ، لیرەدا من تەنیا یەک نمونە دەکەمەباس وهەوێنی با بە تەکەم کەئەویش خۆکوشتنی فیلیسیا پیتەرشۆنە کە لەتەمەنی 14ساڵیدا خۆی هەڵواسیووە لە نزیک(ماڵی لێپرسینەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکانی گەنجان لە قوتابخانەدا* کە فێلیسیا قوتابیەکە لەیەکێک لەقوتابخانەکانی فالکنبێری و ئەو لێپرسینەوەیەش بۆئارام کردنەوە وساڕێژی دەرونی لەقوتابخانەکەی ئەویشدا بەرپاو ئامادەبووە بۆ گەنجان . بابزانین چۆن دەکەوێتەوە لەقوتابخانە کەی فیلیسیادا) ؟ !

کەمێک لە ڕودانی ئەوبابەتە بۆ گەنجانی کورد ڕون دەکەمەوە وبەراوردێک

لەگەڵ ئەو ئاوڕدانەوانەی کە لەگەنجی کورد دراوەتەوە!!!!و ئەم ئاوڕدانەوەیەی لەم کیژە درابوویەوە وله ئاکامیشدا هەرخۆی هەڵواسی چونکە هێشتا ئەودڵنەواییانەیی لە مرۆڤەزانستە هێورکەرەوەکانی دەروونی وەرگرتوە لە قوتابخانەکەیدا هەر بەناتەواوی کەمتەرخەمی زانیووە و داوای باشتری خواستووە بۆ ئامانجەکانی تا بەڵکو لەم پەتایی خەمۆکیە ئازاد ببێت و وەک منداڵی بۆ ناو گوڵ و گوڵزار بگەڕێتەوە ، بەڵام بەداخەوە .، فیلیسیا لە تەمەنی 13ساڵیدا ئارەزوی ئەوەدەکات بەرگی ڕەش بپۆشێت و پرچی ڕەشکات تا لەناو تاریکی ژیاندا لەشەو تاریکتر بنوێنێت و لەگەڵ خەمەکانیدا ئالوودەبن بۆیە ڕوو لە گروپی هیپیەکان*دەکاو لەوێ خۆی ناوزەند دەکات .، یەکەم هەنگاو کەفیلیسیا دەیەویست بیکات گۆڕینی قوتابخانەکەیبوو ، کەبۆی نە گونجا ، هۆکارەکانی لایخۆیەتی و بۆ کەسی نەگێڕاوەتەوە بۆ پاشگەز بوەتەوە !. لە 16052006دا فیلیسیا لە گەڵ مامۆستاکەی دەبێتە دەمەقاڵە یی و لە سێلاوە دەستی خۆی بریندارەدەکات وخوێنیشانی ئەو پەرستیارانەدەدات( سیستەر) کە لە قوتابخانەکەدا ڕێنمایی دەکەن و تیماریدەکەن ،پاشان بە کەسێکی هەڵچوو و شپرزە و خەمۆک ناو زەندی دەکەن ،کەسێک لەو لێپرسراوەنەی لە ناو قوتابخانەکەدان ئاگاداری کەسووکاری فیلیسیا نا کەنەوە و ڕوداوەکە بەردێکی لەسەر دەنێن !. لە 17052006دا فیلیسیا لە دوای نانخواردنی نیوەڕۆی چاو پێکەوتنێکی زازداوە لەگەڵ ئەو کەسانەی لەبارەی هێورکردنەوەی دەرونی و ئامۆژگاری کارامەن و بەسانایی چارەسەری تێکچوونی باری پیسیکولۆگ دەکەن ، لەدوای ئەم چاوپێکەوتنەش ،فیلیسیا

ئەوەندەی تر باری دەروونی  تەنگەژە دەبێ و خەمۆکیەکەی توندڕەوتردەبێت و بەرەو شوین و ژووری حەوانەوەکەی دەگەڕێتەوە ،لەبری ئەوەی ئارامی بکەنەوە و دڵنەوایی بدەنەوە کار لەکار دەترازێ و فیلیسیا تووڕەدەبی و ملی ڕێگای دەرەوە دەگرێ و خۆی بزردەکات  ،دیسان ئامۆژگاری کەرانی قوتابخانە و دەروون ناسان هیچ کەسێکی نزیکی   فیلیسیا ئاگادارناکەنەوە ،پاشان  چوار کاتژمێر بەسەر ڕوداوەکەدا تیپەڕ دەبێت ،لەڕێگەی کەسوکاری خۆیەوە پۆلیس ئاگاداردەکەنەوە لە 18052006دا  تەرمی فیلیسیا پێتەرشۆن دەدۆزرێتەوە ، لەدوای پشکنینی جەستەی چل برین بەلەشیەوە دەبینرێت کە بەگوێزان و کەتەر لەشی خۆی بڕیووە کە هەندێ لەو برینانەی پێوستی بەدوورینەوە کردوە ...

لە ڕێگەی یاساوە   ئەو سزایانە چی بوون * بەسەر مالّی لێپرسینەوە و چارەسەرکردنی گەنجاندا دراوە لە فالکن بێری .

- بۆماوەیەک لە کارکێشانەوەی هەندێک لەو فەرمانبەرانەی کە کەمتەرخەمبوون لە پەیوەنی نەکردنیان بە خێزانی فیلسیاوە .
- دووبارەکردنەوەی ئەو کۆرش و بڕوانامانەی کە هەندێک لەو مامۆستایانەی بەکەمتەرخەمیەوە لە بارەدەروونیەکەی فیلیسیا  کۆڵاونەتەوە
- داپینکردنی پارە بەڕێژەی پییویست بۆ خیزانی فیلیسیا پێتەرشۆن ...

ئەمە مەبەستەکەمە !

ئەی هاوار بۆ گەنجەکانی لای ئێمە چ قورێکیان بۆ گیراوەتەوە نەک دەستەلآت و یاسا ئاوڕیان لێدەداتەوە ! بەڵکو لەڕێگەی دەستەلآت و یاسایی کوردییەوە  گەنجان مالوێران و سەرگەردان دەبن ،،،~

سەرچاوەکان

گۆڤاری  GPو GT و expressenو لە ژمارەکانی 324  لە ساڵی 2004وە تا 20112006دا.